پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێمان کرد بەوەی لە دوو جەژنەکەدا دەربچین؛ کچە گەنجەکان وئەو کچانەش بهێنین کە لە ماڵەوەن، وفەرمانی بە ئەوانە کرد کە تووشی سووڕی مانگانە بوون لە شوێنی نوێژکردنی مسوڵمانان نزیک نەبنەوە

لە ئوم عەتیە نوسەیبەی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێمان کرد بەوەی لە دوو جەژنەکەدا دەربچین؛ کچە گەنجەکان وئەو کچانەش بهێنین کە لە ماڵەوەن، وفەرمانی بە ئەوانە کرد کە تووشی سووڕی مانگانە بوون لە شوێنی نوێژکردنی مسوڵمانان نزیک نەبنەوە». وڵە گێڕانەوەیەکدا: «فەرمانمان پێدەکرا کە لە ڕۆژی جەژن دەبچین، هەتاوەکو کچە پاکیزەکانیش بهێنین کە لە ماڵەوەن، وهەتاوەکو ئەو ئافرەتانەش لە سووڕی مانگادانەن ئامادە بن، ئەوانیش تەکبیر دەکەن* لەگەڵ ئەوانی تردا ونزا دەکەن لەگەڵ ئەوانی تردا، هیوایان بە پیرۆزی (بەرەکەت) وپاکبوونەوەی ئەو ڕۆژەیە (لە تاوانەکان (وگوناهەکان)». *(تەکبیر دەکەن: واتا زیکری تەکبیراتی جەژن دەخوێنن

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان وڕۆژی جەژنی قوربان لە ڕۆژە ڕێزدارەکانن کە تێیاندا دروشمەکانی ئاینی ئیسلام وبرایەتی نێوان مسوڵمانان دەردەکەوێت بەهۆی کۆبوونەوەیان، خەڵکی هەموو شارێک دەچن بۆ شوێنێک بۆئەوەی یەکڕیزی ویەکگرتوویی دڵیان ویەکبوونی وشەیان دەربخەن بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام و وشەی الله، ویادکردنی خوای گەورە وئاشکرا کردنی دروشمەکانی بەندایەتی وپەرستن. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کردووە بەوەی هەموو ئافرەتان دەربچن، تەنانەت ئەو کچانەش کە لە ماڵەوەن، وئەو ئافرەتانەی تووشی سووڕی مانگانە بوون بە مەرجێک دوور بێت لە شوێنی نوێژکردنی موسڵمانان، بۆئەوەی ئافرەتانیش ئامادەی خێر وچاکە ونزا وئاموژگاریەکان بن لەو شوێنەدا، وئەمیش ببێتە هۆی بەرەکەت وپیرۆزی بۆیان، وئەمیش لە ڕەحمەتی خوای گەورەیە بۆیان، بۆئەوەی ڕەحمەت وڕەزامەندی لێیان نزیک بێتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/7200